

# زایەڵەی چیاکان،

## ڕۆمانێك بۆ دیالۆگی نێوان نەوەکانی ئەفغان

**خالید حوسێنی ڕۆماننوسی جدیی ئەفغانی سێیەمین بەرهەمی خۆی بەناوی « زایەڵەی چیان، یان چیاکانیش دەنگیان دایەوە» لە ٢١ی مانگی مەی ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاو کردەوە.**

**ئەحمەد سهامی**

**لە فارسییەوە: شەریف فەلاح**

ئـەم رۆمـانـە لەوانەیە لەناو بـەرهـەمـەکـانـی حـوسـێـنـی دا سەیروسەمەرترین ناونیشانی هەبێت، بەڵام بەپێز و بەهێزترین چیرۆکیەتی لەبارەی هەست و سۆزدارییەوە، کە هەتا ئێستا نووسیویەتی. ئەم رۆمانەی لە رۆمانی «کۆلارەباز» کە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاویکردەوە بوێرانەتر و روانـتـر، هـەروەهـا لـە رۆمانی «هەزار خۆری درەوشاوە» کە ساڵی ٢٠٠٧ چاپی کـردووە، گێڕانەوەیەکی ئاڵۆزتری هەیە. ناوەڕۆکی ئەم کتێبە سێ نەوەی ئەفغانستان لەخۆدەگرێت و لـەبـاری فکر و بـۆچـوونـەوە لە نێوان ئەفغانستان و رۆژئاوا پاش و پێش دەکات. خودی نووسەر دەڵێت ناونیشانی ئـەم کتێبەی لە کتێبی «چریکەی مەعسوومیەت»ی «ویلیام بلیک» وەرگـرتـووە و ئاماژە بەوە دەکات، کە زایەڵەی دەنگی منداڵان بە گرد و ئەپۆڵکەکاندا دەگەڕێ. زۆرێک لـەو بابەتانەی کەلە دوو رۆمانی پێشوویدا هەبوون، لەم رۆمانەشدا ئامادەبوونیان هەیە: پەیوەندیی نێوان دایک و باوکان منداڵان، هەروەها ئـەوەی کە رابـردوو چۆن دەتوانێ ئێستا بخاتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەو لەم رۆمانەدا هۆگرییەکی زۆری بە گێڕانەوە و فۆرم بەخشین بە نێوان دونـیـای رەنگاوڕەنگی چیرۆک و دونیای رەش و پڕ سێبەری واقیع هەیە و دەیـەوێ نیشانی بـدات. لە رۆمانەکانی «کۆلارەباز و هەزار خۆری دەروشاوە»دا ئەمکارە دەتوانێ ببێتە هۆی سازبوونی چەند گرێ و ئاڵۆزییەکی چیرۆکی «میلۆدرامائیک»، هەروەها خولقاندنی پاڵەوانگەلێک، کە یان زۆر زۆر باش، یان زۆر زۆر خراپن. رۆمانی «چیاکانیش دەنگیان دایەوە» شتێکی سەرووتر لە هەست و سۆزی سروشتیی هەیە و توانایی و لێهاتوویی گێڕانەوەی حوسێنی کەلە ماوەی ئەم ساڵانەدا قووڵتر بوەتەوە، ئـەو مـۆڵـەتـی پـێـدەدەن، لایەنە سۆزدارییەکانی چیرۆک بە وردەکاری و بە جوانی بخاتە روو.

بەم چەشنە ئێمە رۆمانی ئەو بە جۆرێک لە تێگەشتن و فامێکی تایبەت لەکاراکتەرەکانی و ئەوەی کە ئەوان بە چ شێوەیەک لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنانەی کـەلـە نـێـوان ئـەرک و ئـازادی، بەرپرسایەتیی بنەماڵەیی و سەربەخۆیی تاکەکەسی، وەفاداربوون بە بنەماڵە و دوورکەوتنەوە بۆ دەرووەی وڵات ئەنجامیانداوە، وەسفیانکردووە. هەموو ئەمانە لە پشتی پـەردەی مـێـژووی پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزی ئەفغانستان، لە ساڵانی بەرلە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بگرە، هەتا ساڵانی شەڕ و بەربەرەکانێی موجاهیدەکان بەدژی یەکێتیی سۆڤیەت، سەرهەڵدانی تالیبان و هێرشی ئەمریکا پاش رووداوی تیرۆریستی لە رۆژی ١١ی سێپتامبەر، دێتەئاراوە. لە حاڵێکدا «کـۆلارەبـاز» زیاتر جەختی لەسەر چالاکی و کرانەوەی پێوەندیی نێوان باوک و دایک و کوڕەکان کردەوە و «هەزار خۆری درەوشـاوە»دا باس لە پێوەندیی نێوان داک و کچەکان دەکات، ئەم رۆمانە چیرۆکەکەی لە رێگای پـەرەدان بە پێوەندیی نێوان خوشک و برایەتییەوە دەگێڕێتەوە، کە لە نێوان ژیانی چەند جووت خوشک و برادا دوخولێتەوە. رۆمانێکە کە بۆ یەکەم جار دوو کارەکتەری ناوەکیی رۆمان بەرچاو دەکەون، ئەوان دوو منداڵن کەلە گوندێکی دوورکەوتە و هەژارنشینی ئەفغانستان دەژین. عەبدوڵڵای ئەمەن دە ساڵ و خوشکە نـازدارەکـەی «پـەری» سێ ساڵانە. ئەو لە کاتی لەدایکبوونی پەریدا، کە داکیان بەسەر سکەوە مـردوە، سەرپەرشتیی خوشکەکەی کەوتوەتە ئەستۆی. بنەماڵەکەیان هیچ داهات و پـارەکـەیـان نییە و یەکێک لە زڕخوشکەکانیان بەهۆی سەرماوە رەق بوەتوە. رۆژێـک «سەبوور»ی بـاوکـیـان، ئـەوان بـۆ سەفەرێکی دوور و درێـژ و تاقەت پڕووکێن بۆ کابول دەبـات، لەو شوێنەی کە «نەبی»ی مامیان بۆ ژن و مێردێکی دەوڵەمەند بەناوەکانی «سولێمان و نیلا وەحدەتی» کار دەکـات. پەری لەلای ئەوان دەمێنێتەوە، بەڵکو لەوێ بەو ئیمکاناتەوە گەورە ببێت، باوکیان ئەو مۆڵەتەی بە بنەماڵەی وەحدەتی دەدات، کە وەک منداڵی خۆیان قەبووڵی بکەن. چەندین دەیە دواتر پەری لە شاری پاریس لەگەڵ نیلا، شاعیرێکی نیوە وەخت و خوپەرستێکی تەواو وەخت، کە مێردەکەی لە کابول بەجێهێشتووە، هەتا ژیانی ئازاد و هونەرمەندانەی هەبێت، ئەو ژیانەی کەلە ئەفغانستان بـۆی نـەدەلـوا، لەوێ گەورە دەبێت. پەری دەبێتە کەسێکی شارەزای ماتماتیک و لەگەڵ مامۆستایەکی شانۆنامەنووس ژیانی هاوسەری پێکدێنێ و دەبێتە خاوەنی سێ منداڵ، بەڵام ئەو گومانی لەو مەسەلەیە، کە ئاخۆ وابووە کە کاتی

خۆی ئەو بنەماڵەیە وەک منداڵی خۆیان قەبووڵیان کردبێت. سەرەنجام بڕیاردەدات رۆژێک بگەڕێتەوە بۆ ئەفغانستان هەتا ئاونوێی ئەم رازە بکات. حوسێنی لە درێژەی ئەم رۆمانەدا ئەوەمان بۆ دەخاتە روو، کە «پەری» بە درێژایی ژیانی «هەست بە کەمی و نەبوونی شتێک لە ژیانیدا دەکات، کە بۆ گەوهەری رۆحی خۆی بنەڕەتی بوو»: هەندێ جار «ئەم مەسەلەیە ناڕوون و ئاڵۆز، وەکوو پەیامێک کە لە نێوان جادە لاوەکییەکان لەژێر سێبەرێکدا و لە رێگا و مەودای دوورەوە نێردرابێ، چەنشی سیگناڵێکی لاواز لەسەر میلی رادیۆیەکی کۆن، دوورخراوە و پەراوێز دەهاتە بەرچاو»، بەڵام هەندێ جاریش زۆر روون و ئاشکرا دەهاتە، ئەم نەبوونی و راز و رەمزە، هێندە لە رۆحییەوە نزیک بوو کە دەبووە هۆی لێدانی دڵی و زۆر جار خەیاڵ دەیبردەوە»، بەڵام سەرەنجام عەبدوڵڵا دەگاتە کالیفۆڕنیا و لەوێ دەبێتە خاوەن ریسنۆرانتێک بەناوی «کەبابی عەبدوڵڵا». لەگەڵ هاوسەرەکەی ناوی منداڵەکەیان بەناوی خوشکە ونبووەکەیان «پەری»یەوە ناوە و لەولاشەوە «پەری»ی گەنجیش ئاواتی پێک گەیشتنی باوکی و خوشکە ونبووەکەیەتی. پاش ئەوەی کە دایکی دەمرێت و باوکی تووشی شێتی دەبێت، پەری بڕیار دەدات خەونی چوون بۆ قوتابخانەی هونەر وەلا بنێت و تەنیا بە عەبدوڵڵای باوکی رابگات. خالید حوسێنی لەم رۆمانەدا بە هێنانەوە و بەرجەستەکردنەوەی جۆرێک لە ژووری زایەڵەی دەنگەکان، جۆرێک لە پۆلێنبەندیی چیرۆکی تازەمان بۆ دەخاتە روو کە بە جۆرێک

**«پەری» بە درێژایی ژیانی «هەست بە کەمی و نەبوونی شتێک لە ژیانیدا دەکات، کە بۆ گەوهەری رۆحی خۆی بنەڕەتی بوو»**

لەگەڵ چیرۆک و بەسەرهاتی عەبدوڵڵا و پەری لە پەیوندی دان. یەکێک لەم چیرۆکانە چیرۆکی «پەروانە»ی زڕدایک و خوشکە خنجیلانە و جوانەکەیان «مەعسومە»یە، کە بڕیار بووە ببێتە دەزگیرانی «سەبوور»، چیرۆکی برای پەروانە ـ نەبی ـ کە دەبێتە پەرسنار و بە جۆرێکیش برای سولێمان، چیرۆکی تەیموور بەشیری سەرکێش و فرەوێژ، کە بنەماڵەکەی لە شەقامی بنەماڵەی «وەحدەتی»دا دەژیان و «ئیدری»ی کوڕە مامی، کە هەردووکیان لە کالیفۆڕنیا دەژین و سەرنجام چیرۆکی دکتۆرێکی یۆنانی بەناوی «مارکۆس» کە رۆیشتووە بۆ کابول (لەڕاستیدا رۆیشتووەتە ماڵی پێشووی وەحدەتییەکان) هەتا بتوانێ نەشتەرگەری بۆ ئەو منداڵانە بکات، کەلە شەڕدا بریندار دەبن و خۆشەویست و دڵداری کاتی منداڵیی «تالیا» کە ئێستا لە ماڵەکەی خۆی لە یۆنان سەرەپەرشتی لە دایکی پیری مارکوس دەکات. لە گێڕانەوەی هەرکام لە چیرۆکانەدا، حوسێنی لە هەموو ئەو میلۆدراما چیرۆکییە لاواز و بەهێزانەی کە پێیدەکرێ، کەڵک وەردەگرێ، هەتا هەموو هەست و نەستی خۆی لە دوونوێی دیالۆگەکاندا بخاتە روو. لەم چیرۆکەدا، پەروانە لەڕووی ئێرەیی و قینەوە کارێک دەکات، هەتا مەعسومە تووشی کارەساتێکی ترسناک و پڕ مەترسی بێت و پەکی بکەوێت و «مارکوس»یش هەوێنی یارمەتی و خزمەتکردن بە منداڵانی هەژار لە ئەفغانستان لە رووداوێکەوە وەردەگرێت، کە تێیدا «تالیا» بە منداڵی لەلایەن سەگێکەوە هێرشی کراوەتە سەر و سما و روخساری تێکچووە. لەلای زۆرینەی نووسەران، وەها هەڵخەڵەتاندنێک لە گێڕانەوەکاندا دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چەندین سانی بەتەواوەتی نەفرەتاوی، بەڵام حوسێنی لەم بارەوە ئەو سەرکەوتنە بەدەستدێنێ (لانیکەم لە زۆربەی بەشەکان) نەتەنیا پێش بەم مەسەلەیە بگرێت، بەڵکو لەڕاستیدا چیرۆکی کاراکتەرە و پاڵەوانەکانی بکاتە کارێکی بەکۆمەڵ و بەتەواوەتی هەست و سۆزاری. ئەم توانایی و لێهاتوویە بەڵگەیەکە لە زانست زانیاریی سەمیمی ئەم نووسەرە لە وردەکاریی ژیانی ئەم کەیانە و دەرخستنی توانایی خۆی وەک گێڕەرەوە و رۆماننوسێکی بە ئەزموون.

ماڵپەڕی میهرنیوز
http://www.mehrnews.com/detail/News/2061719